# بانگەوازێك بۆ خەڵكی هەڵەبجەو هەموو كەس وكاری قوربانیانی كیمیای بارانەكانی كوردستان

ئازیزانی قورانیانی كیمیای بارانەكانی كوردستان

بە خۆشحالی یەوە پێتان ڕادەگەیەنین كە لەم ڕۆژانەی ڕابردودا حكومەتی هۆڵند، ((فرانك فان ئەنرانت)) كە بازرگانیكی ناودارەو ناسراوە بەوەی كە كەكاتی خۆی بە فرۆشتنی كەرەسەی جەنگی و كۆمەلكوژی هاوكاری حكومەتی عیراق كردوە . ئێستە چەند ڕۆژیكە لە لەلایەن پۆلیسی حكومەتی هولندەوە دەستگیركراوەو لە ژێر لیكۆلینەوەدایە بۆ خستنەڕوو ئاشكراكردنی هەموو ئەو زانیارانەی كە پەیوەندی بە جۆرو ئەندازەی هاوكاری كردنی ناوبراوەوە هەیە لەگەل حكومەتی گۆڕبەگۆری بەعس دا.
لەمبارەوە پێویستە كە ئێمە وەك قوربانیانی ئەو كارەساتانە ئەم دەرفەرتە بە باشترین شێوە بقۆزینەوە نەك تەنها بۆ دادگایی كردن بو بەسزا گەیاندنی ((فرانك فان ئەنرانت))و هاوشێوەكانی، بەڵكو دەبێت ئەمە بكرێتە بەهانەیەكی گرنگی بۆ بەدواچوونێكی زیاترو ورژاندی هەرچی زیاتری تاوانەكانی بەعس وهەولدان بۆ بەسزاگەیاندنی هەموو ئەوكەسانەی كەبەهەرشێوەیەك دەستیان هەبووبێ لەكوشت وكوشتاری خەلكی كوردستان وعیراق بەگشتی بۆیە ئەمە لە ئیمە دەخوازیت كە بەهەر شیوەیەك بۆمان دەلویت ئەم حالەتە زیاتر بەرجەستە بكەینەوە، كەدیارە بەڵگەنامەو شكاتنامەكانی ئێمە وەك قوربانیانی ئەو ڕوداوكارەساتانە دەتوانیت دەوریكی گرنگ و بەرچاویان لەمبارەوە هەبیت .
بۆ ئەم مەبەستەش هەروەك زۆرێك لە خۆتان ئاگادارن كە ئێمە وەك كەمپینی دادگایی كردنی سەدام حسێن و سەرانی بەعس ماوەی چەند مانگێكە دەست بەكاربووین و یەكێك لە كارەكانمان دروست كردنی فۆرمی شكاتنامەكانە كە تائێستە سەدان كەس لەئێوە ئەو فۆرمانەیان پڕكردوتەوە. جێگەی خۆیەتی كە لە ئێستەدا ئەم هەڵمەتە زۆر فوراتتر بكریت بە مەبەستی هەرچی زیاترو زۆرتر پڕكردنەوەی ئەم فۆرمانە تا بتوانین پێكەوە دەورێكی كاریگەرترو بەرچاوترمان هەبیت لە بە سزا گەیاندنی یەكیك لەو تاوانبارنەی كە تا ئیستەش زۆرێك لە ئەزیزانی ئێمە ڕەنج دەبەین بەدەست ئاسەواری ئازارەكانی كیمیای بارانەوە .
بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانن لەڕێگەی ئەم ژمارە تەلفون وناونیشانەوە فۆرمی شكاتنامەكانتان دەستكەوێت و تا بەزووترین كات بەبتوانی ژمارەیەكی هەرچی زیاتریان لی پڕبكەینەوە تا وەك بەلگەنەویستی یاسای لە دادگای كردنی ((فرانك فان ئەنرانت)) سوودیان لیوەربگریت .

بەهادین حاجی بەكر دارتاش ناسراو بە (( ڕێبوار عارف ))
لێپسراوی كەمپینی دادگایی كردنی سەدام حسێن و سەرانی بەعس
2004 / 12 / 10

تیبینی / هاوپێچ لەگەڵ ئەم بانگەوازەدا دەتوانن لەڕێگەی ئەنتەرنێتەوە فۆرمەكە وەرگرن وپاش پڕكردنەوەی بەهەمان ئەو ژمارە تەلفون وناونیشانەی خوارەوە بۆمان بگەڕێنەوە !


كەمپینی دادگای كردنی سەدام حسین و سەرانی بەعس
ژمارە تەلفون 07701531852 ناونیشان / سلیمانی شەقامی قەنات / تەلاری شنروێ / نهومی دووەم